


# وتەی "گەورە  پیاوان"ی جیهان!؟


چرچیل


ئەنشتاین


ماکسیم گورکی


سوقراتیس

وەرگێران و نووسینی نادر فەتحی (شوانە)   بانەمەڕی 2705ی کوردی

# وتەی "گەورە پیاوان"ی جیهان!؟

وتەی "گەورە پیاوان"ی جیهان، ئاماژە بەو وتانە دەکا کە مرۆڤەکان لە پێوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کێشە یا خود هەلس و کەوتی کۆمەڵگا وەکوو تەجروبەی شیرین و تاڵی ژیان بۆ نیشاندانی رێگای دروست گوتراون. مەبەست لە وتەی گەورە پیاوان بەو مانایە نیە کە تەنیا پیاوان وتە و قسەی بەنرخیان هەیە. وشەی پیاو لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی جیهاندا، بە مانای مرۆڤ هاتووە و لێرەش هەر ئەو مانەیە دەگەێنێ. هەروەها وتەی گەورە پیاوانی جیهان بەو مانایەش نیە کە تەنیا مرۆڤی دەرەوەی کوردستان قسەی بەنرخیان هەبووە و هەیە. گەلێک بیرمەندی ناسراو و نەناسراوی کوردمان هەبووە و هەیە کە وتەکانیان نرخی جیهانیان هەیە! ئاواڵە کردنەوەی ئەم گۆشەیە بۆ گەڕان و پەیداکردنی ئەم وتە بەنرخانەی فەرهەنگی ئینسانیە، کە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە دەست دەکەوێ و شەرتێش نیە ئەم قسانە تەنیا قسەی فەیلەسوفان و ناوبەدەرەوان بێ!

سپاس بۆ ئەو کەسانە کە لە دەوڵەمەندکردنی ئەم نووسراوەیە هاوکاریم دەکەن. بە تایبەت سپاس بۆ ئەو کەسانە کە بیرمەندانی کورد لە دێرزەمانەوە تا ئەمرۆ بەسەر دەکەنەوە.

نادر فەتحی (شوانە)

## من کاتێک خۆم قسە دەکەم، هەرگز شتێک فێر نەبووم!

### ئالبرت ئنشتاین دەڵی:

نەفامی مرۆڤ و گەورەیی کەهکەشان بێ سنورە، هەرچەند لە مەڕ بێ سنور بوونی کەهکەشان، من زۆر دڵ نیا نیم!

### وینستۆن چرچیل دەڵی :

مرۆڤی عاقڵ بە تەنیا هەڵە ناکا،بەڵکو دەرفەتی هەڵەکردن بە کەسانی تریش دەدا !

### ژان ژاک رۆسۆ دەڵی :

ئازادی بەو مانایە نیە کە مرۆڤ هەرچی پێ خۆش بوو بیکا ، بەڵکوو بەو مانایەیە کە بەو کارەی کە پێی خۆش نیە،مەجبوور نەکرێ،!

### مارک توین دەڵی :

هەر کەس دەستەڵاتی خۆی لە بارودۆخێکدا لەدەست دا، لانی کەم دەبێ ورەی بڕیاردانی هەبێ !

### ویکتۆر هۆگۆ دەڵی :

مرۆڤی گەش بین لە هەر گرفتێکدا رێگاچارەیەک دەدۆزەیتەوە ، کەچی مرۆڤی ڕەش بین بۆهەر رێگاچارەیەک گرفتیك دروست دەکا!

### نێلسۆن ماندێلا سەرۆکی پێشووی ئافریقای باشور:

کەسایەتیەکان بڕیار بە سەر کەسدا داناسەپێنن، بەلکو بڕیار دادەرێژن !

## شوانه دەڵێ :

مرۆڤ سێ ڕێگای هەیە بۆ مامەڵەی سیاسی ،
یەکەم: ژیرانە بیرکردنەوە، کە ئەوە باشترینیانە.
دووهەم: لاسایی کردنەوە، کە ئەوە ساکارترینیانە.
سێهەم: تاقیکردنەوە، کە ئەوە تاڵترینیانە.

## نەناسراوێ دەڵێ:

تۆ سەر دەکەوی، ئەگەر تێگەیشتبێتی کە زەرەر و زیان ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئاوات خۆش دەکات!

## هانس کروپا دەڵێ:

کەمێک زیاتر "ئێمە" و بڕێک کەمتر "من".
کەمێک زیاتر "دڵ فەراوانی" و بڕێک کەمتر "بەخیلی".
کەمێک زیاتر گوڵ بۆ کرانەوەی گرێی ژیان و بڕێک کەمتر گوڵ بۆ سەر گۆڕ.

## ئێرنست فیرستل دەڵێ:

هەر مرۆڤێک لەگەڵ خۆی لە ئاشتی دا بژی، حەولی شەڕ کردن لەگەڵ کەسی تر نادا!

## راڵف والدۆ ئێمرسۆن دەڵێ:

باشترین ڕێگا بۆ دۆزینەوەی دۆستی باش، ئەوەیە، کە خۆت یەکێک لەوان بی!

## مارتین لۆتار دەڵێ:

- درۆ، وەک تۆپەڵەی بەفر وایە، هەتا زۆرتر خول بخواتەوە، گەورەتر دەبێتەوە!
- ئەگەرکو من دڵ نیا بم کە سبێنێ دنیا خاپور دەبێ، ئەورۆ دارێک دەچێنم!
- ئێمە فێر بووین وەک باڵەندە بفرێن، وەک ماسی مەلێ بکەین. بەڵام لەبیرمان چۆتەوە وەک برا لەگەڵ یەک بژین.

## شوانە دەڵێ:

خۆشبەختی لە دەرەوە، یا جێگایەکی شاردراوە نیە کە ئاوا مرۆڤ بەدوایدا دەگەرێ، بەڵکو، لێرە، لەناودەرونی خۆماندایە، بەداخەوە لێرە، کەم کەس بەدوایدا دەگەرێ !

## رابیندرات تاگۆر(هیندی) دەڵێ:

هەر مرۆڤێک دارێک بچێنێت و بشزانێ کە ناتوانێ لەژێر سێبەرەکەیدا دانیشێ، ئەو مرۆڤە لە مانای ژیان گەیشتووە!

## ڤیرگینیا ساتیر دەڵێ:

گەورەترین خەڵات، بۆ من ئەوەیە کە لەلایەن کەسێکەوە ببیندرێم، گوێچکەم بۆ رابگیرترێ، لێم حاڵی بێ و هەستم پێ بکا.

گەورەترین خەڵات کە من دەتوانم بە کەسێکی بدەم ئەوەیە، ببینم، گوێی بدەمێ، لێ حاڵی بم و هەستی پێ بکەم.

ئەگەر ئەوە پێک بێ، پێوەندیش پێک دێ !

## ستريۆڤێلز دەڵێ:

نائومێدی ئەوئاسەوارانەن کە چارەنووس پێمانی دەدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست !

## یومیز ئیمرە(تورک) دەڵێ:

وەرە، لێگەرێ با لەگەڵ یەک ئاشنا بین، لێگەرێ لەگەڵ یەک بە یەک ڕێدا بڕوێن، لێگەرێ بە خۆشەویستی لەگەڵ یەکدا بژین، کەس لەسەر ئەو دنیایە نامێنێ !

## کۆنفۆزیۆس دەڵێ:

- بە چاوی ڕەخنەوە تەماشای کەس مەکە بۆ شتێک کە بۆخۆشت نایزانی، بە کەس فەخر مەفرۆشە بۆ شتێک کە دەیزانی !
- هەرکەس پرسیار بکات، بۆ کاتێک نەزانە. ئەگەر نەپرسێ، بۆ هەموو ژیان نەزانە !

## نەناسراوێ دەڵێ:

- مرۆڤ کۆنترۆڵ بەسەر سروشتدا دەکا، پێش ئەوەی فێربێ، کۆنترۆڵ بەسەر خۆیدا بکا!
- هەموو مرۆڤێک ئوریگیناڵ لە دایک دەبێ ، زۆربەش بە کۆپی لە دنیا دەرۆن !
- هیچ ڕێگایەک بۆ ئاشتی نییە، چونکە ئاشتی خۆی ڕێگاکەیە !
- ئیدەکان وڵامدەرەوەی ئەوە نین کە مرۆڤ، چۆن بەکاریان دەهێنێ !
- ئەو شتەی دەتوانی گرێی لێ بدەی، مەیبڕە !

## مارک تواین دەڵێ:

هەر مرۆڤێک وەک مانگ وایە ، لایەنێکی ڕەشی هەیە کە بە کەسی نیشان نادا !

## جۆرج مارشاڵ دەڵێ:

کردەوەی بچووکی بە ئەنجام گەیشتوو(ئاکام)، باشترە لە ئیشی گەورەی بە ئەنجام نەگەیشتوو (بێ ئاکام) !

## ئانتۆنی د ساینت دەڵێ:

ئێمە نە لە رێگای یارمەتی دان، بەڵکوو لە رێگای کۆکردنەوە، نەخۆش دەکەوین !

## شوانە دەڵێ:

ئەگەر مرۆڤ مستی بقووچێنێ، نە دەتوانێ دەستێک پڕ کا و نە لە دەستێک شتێک وەرگرێ!

## فریدریش ی گەورە دەڵێ:

- زۆر کەس زەحمەتی بیرکردنەوە بە خۆیان نادەن و دەشیانەوێ بڕیار بدەن !
- هەر مرۆڤێک دەتوانێ زانستی هەبێ، بەڵام هونەری بیرکردنەوە سروشتیە و کەم کەس هەیەتی !

## ئۆسوالد شپینگلر دەڵێ:

بە دەگمەن دەبیندرێ مرۆڤێک بزانێ، بە چی باوەڕی هەیە !

## رۆنالد شپیندلر دەڵێ:

کۆمەڵە مرۆڤێک هەڵەی کەسانی تر، بۆ شاردنەوەی هەڵەکانی خۆیان، وەک بەڵگە دەهێنەوە. بەداخەوە بەکارهێنانی ئەو تێکنیکە زۆرجاران کاریگەرە !

## ف.ج. شتراوس دەڵێ:

مرۆڤ دەبێ ئاسایی بدوێ، بەڵام قوڵ وچڕ بیر بکاتەوە نەک بە پێچەوانە !

## گووتە دەڵێ:

بەختەوەر ئەو کەسەیە، فرمێسکی چاوێک، ئیشک دەکاتەوە !

## رابیندرات تاگۆر دەڵێ:

ئەو کەسە دەوڵەمەندە کە لە زۆربەی شتان چاوپۆشی دەکا !

## ج. تاتی دەڵێ:

هەرکەس بۆ کارێکی بچووک خۆی بەزل زانی، بۆ کاری گەورە چکۆلەیە!

## و. هۆلمس دەڵێ:

هەر چی بەر لە ئێمە قەوماوە و هەر چی پاش ئێمە روودەدا، لە بەرابەر ئەو شتەی ئەورۆ لە پێشمانە،هاوتا و هاو مانا نین !

## شوانە دەڵێ:

ڕابردوو ناگەڕێتەوە، داهاتوو لێڵە، هەر ئێستا و ئەم کاتە گرینگە !

## کارڵ وای هۆفر دەڵێ:

سێ چەشن مرۆڤ هەن،
یەکەم، ئەوانە کە هەوڵ دەدەن ئاڵ و گۆڕێ پێک بێنن !
بەشێکی زۆر، ئەوانە کە دەڕوانن،کە چلۆن ئاڵ و گۆڕ پێک دێت !
بەشی هەرە زۆر، ئەوانە کە ئاگایان لە ئاڵ و گۆڕ هەر نییە !

## نەناسراوێ دەڵێ:

سێ شت هەن کە پیاو نازانێ داهاتوویان چلۆن دەبێ :
خۆشەویستی ، سەرکەوتنی پیشەیی و ڕاپەڕین .

## شوانە دەڵێ:

ئەگەر تۆ هیچ بارێک بەسەر شانتەوە نیە، هۆیەکەی ئەوەیە کە بارەکەت بەسەر شانی ئەوانی ترەوەیە !

## ئەنشتاین دەڵێ:

- مرۆڤ ناچار نییە لە هەموو دنیا حاڵی بێ ، بەڵکوو دەبێ ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە.
- دنیا لە لایەن ئەو کەسانەوە بێ ڕێز نابێ کە کاری نادورست دەکەن، ، بەڵکوو لە لایەن ئەوانەوە کە بۆ کاری نادروست فتوا دەدەن !
- بیرکردنەوە لە داهاتوو، دەبێ بیری شەڕخوازی ناومکین بکا !

## الكساندر هرسن دەڵێ:

خۆشەویستی و دۆستایەتی وەک دەنگدانەوە وایە، هەر ئەوەندەت بۆ دەگەڕێتەوە کە پێت داوە !

## ئانۆنوموس دەڵێ:

دوو چەشنە هەڤاڵ هەن، ئەوانە کە دەکڕدرێن و ئەوانە کە لەکڕین نایەن!

## کارڵ گوستاڤ دەڵێ:

بیرکردنەوە ئاسان نییە، بۆیە زیاتر بڕیار دەدرێ !

## ئارتۆر شۆپنهاور دەڵێ:

مرۆڤ دەبی بیربکاتەوە، وەکوو کەم کەس کە دەیکا، دەبێ بدوێ وەکوو زۆر کەس کە دەیکا !

## ئیزاک ئزیمۆڤ دەڵێ:

زۆرەملی، ئاخرین بن بەستی ڕێگای مرۆڤی کارنەزانە !

## م.م. مارکهۆف دەڵێ:

بە یاساخ کردن ، مرۆڤ بەرەو ڕێگای دروست هان نادرێ !

## وینستۆن چرچیل دەڵێ:

ئەوە گەورەترین شانسی ژیانی هەر مرۆڤێکە ،لە هەڵەکان دەرس وەرگرێ و وەلایان نێ !

## فریدریش دورن مات دەڵێ:

هەرچەندە بەرنامەی مرۆڤ بۆ ژیان قایم تر بێ،بەو ئەندازەیەش کەمتر، پێشهات،دەتوانێ کاری لێ بکا!

## ئاکسل مارتین دەڵێ:

مرۆڤ دەتوانێ زۆر شت تەحەمول بکا، ئەگەر بتوانێ خۆی تەحەمول بکا !

## ئوسکار وایلد دەڵێ:

کاتێ من مناڵ بوم، پێم وابوو پووڵ، گرینگترین شتە لە ژیانی مرۆڤدا. ئەورۆ کە گەورە بووم، دەزانم، کە وایە !

## زیگمۆند فرۆید دەڵێ:

هیچ کات ئێمە ئەوەندە دڵ ناسک نین، وەک کاتی خۆشەویستی .

## ویلهلم بوش دەڵێ:

شێتی ، لێهاتوویەکی سروشتیە !

## چارلز د گاولە دەڵێ:

بڕیارێکی ناتەواوی حازر، باشترە لە بڕیارێکی تەواو، کە بەردەوام لێی بگەرێی !

## کلینت ئێستوود دەڵێ:

من پێم وایە، ئەو شتەی کە پیاو لە ژنی دەوێ، ژنێش هەر لە پیاوی دەوێ. ئەوەش: رێزلێنان و رێزگرتنە!

## ب. فرانكلين دەڵێ:

راستی، لە منداڵ و  مرۆڤی کەم عەقڵ و مرۆڤی زۆر پیر ببیستە!

## ە. هێسە دەڵێ:

ئەو کەسە لە ژیاندا سەرکەوتووە کە مانای خۆشەویستی دەزانێ، سەبری هەیە و توانایی بوورینی هەیە!

## ئانونیموس دەڵێ:

کورت ترین ڕێگای پەیوەندی بەینی دوو مرۆڤ، بزەی لێوێکە !

## مارک توین دەڵێ:

خودا مرۆڤی دروست کرد، کاتێ لە دروستکردنی مەیموون ناهومێد ببوو. بەدوای دروستکردنی مرۆڤ  چاوپۆشی لە هەر تاقیکردنەوەیەکی تر کرد !

## سوقراتیس دەڵێ:

زانست، وەبیرهاتنەوەی ئەو زانستیانەیە، کە مرۆڤ سینگاو سینگ گێراویانەتەوە و لە ڕۆحیاندا ژیاوە!

## ە. دۆدێرێ دەڵێ:

مرۆڤ، جاروبار دەبێ لە مرۆڤ دوورکەوێتەوە، بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە !

## پ.فرانکن فێلد دەڵێ:

مرۆڤی خۆشباوەڕ وەک ئینسانی دز وایە ، هەموو شتێک بە سادەیی هەڵدەگرێ !

### م. گاندی دەڵێ:

هەر شتێک مرۆڤ بە زۆرەملی داگیری کردبێ، تەنیا دەتوانێ بە زۆرەملیش رایگرێ !

### ئێبنر ئێشنباخ دەڵێ:

- هیچ مرۆڤێک نایاتە سەر ئەو باوەڕە کە جەوهەر بە جەوهەر بشواتەوە، هەر خوێنە کە دەبێ بە خۆێن بشۆردرێتەوە؟؟
- کتێب زۆرجار باشترین هەڤاڵی مرۆڤە، بەلام ئەو نابێ تەنیا هەڤاڵی مرۆڤ بێ !

### ناشناسێک دەڵێ:

لەوە دووری بکە، کە بە دۆستێکت پووڵ قەرز بدەی، ڕەنگە هەردووکیان لەدەست بدەی!

### شوانە دەڵێ:

خۆت بە بێ دەسەڵات و فەقیر مەزانە، چونکە خەون و ئارەزووەکانت نەبوون بە راست!؟ بێ دەسەڵات و فەقیر ئەو کەسەیە کە هەر خەون و ئارەزوی نیە !

### و.برووتچینسکی دەڵێ:

مێشکی مرۆڤ "هێلەک"ێکی تایبەتە ! تەنیا چاکەی خۆی و خەراپە ئەوانی تر لەخۆیدا ڕادەگرێ !

### ئۆرزۆن وێلیچ دەڵێ:

تلەویزیۆن، جاچکە(بنێشت)ی چاوە !

ئەپیکۆر دەڵێ:

بۆ ئەورۆ بژی، لەبیرکە خەمی ڕابردوو !

ی.گ. فیشتە دەڵێ:

سامناکترین دوژمنی مرۆڤ هەر مرۆڤە !

پ. دۆمینگۆ دەڵێ:

هەرکەس پێی وابێ، لە سەر سەرەوەیە،ڕێگای بەرەو خوارەوەی دیاری دەکا!

ب. راسل دەڵێ:

هەرکەس بەراستی توانایی نووسینی هەبێ ، شەرمی لەوە نییە کە قامک لەسەر هەڵەکانی دابندرێ !

ر. بارسیل دەڵێ:

هەر مرۆڤێک توانایی بڕیاردانی نەبێ، بڕیاری بەسەرردادەدرێ !

و. بووش دەڵێ:

تاقمێک لە مرۆڤ هەن کە خنکاندنیان پێخۆشترە لەوەی کە داوای یارمەتی بکەن !

گ. لیشتن بێرگ دەڵێ:

مرۆڤ نابێ هێندە بە ئیشکردنەوەوە سەرقاڵ بێ، کە کاتی بۆ بیرکردنەوە نەمێنێ !

## مۆلێر دەڵێ:

ئێمە تەنیا بەرپرس نین لەو کارانە کە دەیکەین، بەڵکوو بەرپرسین لەو کارانەش، کە نایکەین !

## ل. نیکۆلائۆویچ دەڵێ:

مرۆڤ دەتوانێ بە بێ خۆشەویستی، دار بشکێنی. بەڵام بەبێ خوشەویستی ناتوانێ لەگەڵ مرۆڤی تردا بژی !

## مارک توین دەڵێ:

بە جێی ئەوەی مرۆڤ خۆشەویستی لە گەڵ دوژمن پێک بێنێ، دەبێ حەولی ژیان لەگەڵ دۆست بدا !

## ئانتوان ساینت ئێکسۆپێری دەڵێ:

بۆ دروستکردنی کەشتی، دەهۆڵ لێ مەدە چۆن دار خڕکرێتەوە و چلۆن ئیش بکرێ، بەڵکوو هەستی دیتنی دەریای بێ بن و بێ سنور لە خۆتدا بپەروەرێنە !

## نائاشنایک دەڵێ:

سەرباز : بۆچی ئێمە هەر دەبێ بۆ شەڕ خۆمان راهێنین؟
ئەفسەر: چونکە بە درێژایی 3000 ساڵی مێژوو، تەنیا 300 ساڵ ئاشتی هەبووە!
سەرباز: ئەدی ئەوە باشتر نییە کە زۆرتر بۆ ئاشتی خۆمان راهێنین؟؟؟؟

## کارل هاینریش دەڵێ:

هیچ شتێک لەوە هاسانتر نییە کە مرۆڤ خۆی گەورە و گرینگ بنوێنێ، هیچ شتێکیش لەوە چەتوونتر نییە کە مرۆڤ خۆی چکوولە نیشان بدا !

## شوانە دەڵێ:

ئەو شتەی کە ئێمە هەستی پێ دەکەین زۆر گرینگترە لەوەی کە ئێمە دەیزانین !

## ئریش فرید دەڵێ:

هەرکەس بڵێ لێرە ئازادی حاکمە، درۆ دەکا، چونکە ئازادی حوکم ناکا !

## سۆقرات دەڵێ:

من دەزانم کە هیچ نازانم، هەر لەبەر ئەوە، لەوانیتر زیاتر دەزانم !

## ئێما میلە دەڵێ:

کاتەخۆشەکانی ژیان و بیرکردنەوە لەوان، ڕەنگ دەدەن بە ژیانی نیسێ گرتووی هەر مرۆڤێک !

## ژاپۆنی دەڵێن:

وتەی هەر مرۆڤێک، زانستی ئەو مرۆڤەیە !

## پلاتۆ دەڵێ:

ئەوکەسەی بێ پرسیار دەژی، لە واقعدا ناژی !

## ئانتۆنی د ساینت دەڵێ:

دۆستی ڕاستەقینە هەڵەکانت پێ دەڵێ، دۆستی درۆیین هەڵەکانت بەوانی تر دەڵێ !

## مارتین لۆتار دەڵێ:

تۆ ئەوڕۆ ئەو کەسەی، کە دوێنێ بیرت لێ کردۆتەوە !

## کۆنفوسیۆس دەڵێ:

- هەرکەس هەڵەیەک بکا و هەڵەکەی ڕاست نەکاتەوە، هەڵەی دووهەمی دەستپێکردوە !

- بە باس کردنی خەراپەی کەسانی تر لەپشت سەر ، مرۆڤ ناتوانێ خۆی چاکتر لەوان نیشان بدا !

## کورد دەڵێ:

هەر کەس قسەی خەڵک بۆ تۆ بێنێ، هی تۆش بۆ خەڵک دەبا!

## م. ئاورێل دەڵێ:

مرۆڤ ناتوانێ بەختەوەر بێ، ئەگەر بیری ڕەزامەندی و شانسی ژیان لە خۆیدا نەپەروەرێنێ !

## ئالبرت ئاینشتاین دەڵێ:

گرفتی ئەوڕۆ، ئینرژی ئەتۆمی نییە، بەڵکوو دڵی مرۆڤەکانە !

## ئیزاک نیڤتۆن دەڵێ:

ئەوەی ئێمە دەیزانین یەک دڵۆپە، ئەوەی نایزانین یەک دەریایە !

## شوانە دەڵێ:

لە ڕۆژەکانی ژیانت ئەوپەڕی کەڵک وەگرە، چونکە ئیتر ناگەڕێنەوە !

## چارلی چاپلین دەڵێ:

هەر ڕۆژێکت، ئەگەر پێکەنینی تێدانەبێ، ئەو ڕۆژەت بە فیڕۆ چووە !

## سوارە ئیلخانی زادە دەڵێ:

لای هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزەمژی
چۆن بژی خۆشە نەوەک چەندە بژی !

## شتاین بەک دەڵێ:

لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆژی باش و نەباش هەن، بەڵام ئەوە ئێمە بۆخۆمانین کە دیاری دەکەین، ڕۆژەکەمان باش، یا نەباش بێ !

## لاوتسە(چینی) دەڵێ:

فێربوون و وەرگرتنی زانیاری وەک مەلێ کردن دژ بە چۆمی خوڕ وایە، ئەگەر راوەستی، دەگەڕێیەوە بۆ دواوە !

## شوانە دەڵێ:

ئاگات لە بیرکرنەوەکانی ئەوڕۆت بێ، ئەوانە دەبنە کردەوەکانی سبێ ڕۆژت !

## گایبل دەڵێ:

زانست خەراب نییە، توانین باشترە !

## ئانتۆنی رۆبیس دەڵێ:

- ئەگەر ئێوە هێشتا خۆتان نەناسیوە، چلۆن دەتوانن بڕیار بدەن کە دەتانەوێ چ بکەن !
- گەورەترین گرفتی دنیای مودێرنی ئەوڕۆ ئەوەیە کە مرۆڤەکان قەدر و قیمەتی خۆیان لە دەست دەرچووە !

## یۆرگ پرامان دەڵێ:

- ئەوە بکەنە سەرمەشقی ژیان، کە سەرکەوتوویی بە دەستپێکردن، دەستپێدەکا !
- مرۆڤی سەرکەوتوو کراوەن بۆ هەموو ئاڵ و گۆڕێکی نوێ، ئەوان خۆیان بە داب و نەریتی کۆن، هەڵناواسن !

## لیی لاکۆسکا دەڵێ:

کلیلی سەرکەوتوویی، زانست نییە، بەڵکوو، مرۆڤە !

## ڤیرگینیا ساتیر دەڵێ:

ئەوەی کە من ئەوڕۆ هەم، ئاوێنەی ئەو زانستیانەیە کە من فێری بووم، نەک ئاوێنەی توانایی من !

## جان.ف. کندی دەڵێ:

بیر لەوە مەکەنەوە، وڵاتەکەتان، چیتان بۆدەکا، بیر لەوە بکەنەوە، چی دەتوانن بە وڵاتەکەتان بدەن !

## پلاتۆن دەڵێ:

مەزن ترین زەفەر، زەفەری مرۆڤە بەسەر خۆیدایە، هیچ شتیک لەوە کەمتر و پەستتر  نییە کە مرۆڤ توانایی کۆنترۆڵی خۆی نەبێ !

## مەسەلێکی رووسی دەڵێ:

مرۆڤی عاقڵ بەدوای ڕێگادا ناگەڕێ، بەڵکوو ڕێگا، دەپرسێ !

## شوانە دەڵێ:

بۆ دروستکردنی وێنەیەکی نوێ لە خۆ، مرۆڤ پێویستی بە غیرەت و ئیرادەی راستەقینە هەیە. جار و باریش تەنیا ئاڵوگۆڕێک، دەبێتە هۆی حەرەکەی نوێ لە ژیاندا !

## گۆتەی ئاڵمانی دەڵێ:

ئەمرۆ بە پڕتاو دەڕوا،سبەی دیار نیە،تەنیا رابوردو دەمێنێتەوە!

## ئەرستوو:

دایکی لێی دەپرسێ بۆ ژن ناهێنی؟ ئەو وڵام دەداتەوە "هێشتا وەختی نەهاتووە." پاش ساڵانێک دیسان دایکی دەپرسێ:"ئێستا بۆ ژن ناهێنی؟"، ئەرستوو دەڵی:"وەختی بەسەر چووە!"

## ئەرستوو:

دایکی دەپرسێ بۆ منداڵێک دروست ناکەی؟ ئەرستو دەڵێ: "لە بەر ئەوەی منداڵم خۆش دەوێ!"

## سوورپێیست دەڵێن:

ویژدان وەک شتێکی سێ گۆشە وایە لە ناو دڵدا! ئەگەر هیچ کارێکی خراپ نەکەی،ئەوە ئارامە. بەڵام ئەگەر کاری نالەبار بکەی، دەخولێتەوە و گۆشەکانی دەبنە هۆی ئێش و ئازار.
لە هەموو خەراپتر ئەوەیە، ئەگەر تۆ هەر نالەبار بمێنی، گۆشەکان کول دەبن و تۆ ئیتر هەست بە ئێش ناکەی !

## ئالبرت ئاینشتاین دەڵێ:

خەیاڵ(فانتازی) لە زانست گرنگترە، چونکە زانست، سنووری هەیە و خەیاڵ بێ سنوورە !

## یۆستین بێرتوخ دەڵێ:

خۆشحاڵی لە رادە بەدەر دەبێتە هۆی ناخۆشی!

## کارل یاسپر دەڵێ:

بەو شەرتەی، مرۆڤ پێکەوە بژین، ناهومێدی نامێنێ !

## گووتە دەڵێ:

هیچ کەس نازانێ، تواناییەکەی چەندەیە،هەتا تاقی نەکاتەوە !

## هێنیگ پۆلمان دەڵێ:

ژیان وەک پیاسەکردن لەناو جەنگەڵدایە، کەڵک لە جوانی سروشت وەرگرە، تەنیا دەبێ ئاگات لە ڕێگاکە بێ!

## شوانه دەڵێ:

ـ لەسەر عادەت و کردەوەکانی مرۆڤ بڕیار بدە، نەک لەسەر قسەکانی، مرۆڤ، قسەکانی زۆر زوو دەگۆڕێ، بەڵام عادەت و کردەوەکانی زۆر زوو ناگۆڕدرێن !

## ناشناسێک دەڵێ:

ژیانی مرۆڤ پڕە لە هەوراز و نەشیو، مرۆڤ دەبێ حەولی ئەوە بدا کە لە نشێودا نەمێنێ !

## رالف ئێمرسۆن دەڵێ:

دەوڵەمەندی ڕاستەقینە بەوە نییە کە مرۆڤ ماڵی دنیای هەبێ، بەڵکوو بەوەیە کە مرۆڤ لە ژیان لەزەت بەرێ !

## دێوید تۆرێاو دەڵێ:

تەنیا سەرقاڵی بەس نییە، مێلوورەش سەرقاڵە . پرسیار ئەوەیە: بە چیەوە سەرقاڵین ؟!

## فرانسیسکۆد لا دەڵێ:

بۆ مرۆڤ زۆر ساکارترە ، کەسانی تر پەنددابدا، هەتا خۆی پەند وەرگرێ !

## جان روسیاو دەڵێ:

بێ ریزی کردن بە کەس یان کەسان، بەڵگەیەکە بۆ ئەوکەسانەی، کە هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نییە!

## زیگی دەڵێ:

هێندێک مرۆڤ هەن، پێیان ناخۆشە، کە گوڵ، درووی هەیە. هێندێکیش خۆشحالن، کە دڕوو، گوڵی هەیە!

## پابلۆ پیکاسۆ دەڵێ:

هەر منداڵێک، هونەرمەندێکە. بەڵام گرفت لێرەدایە کە چلۆن دەتوانێ هونەرمەند بمێنێتەوە، کاتێک منداڵ نامێنێتەوە!

## مارۆا کۆلینس دەڵێ:

کەسایەتی ئەوەیە،خوت بزانی تۆ چی، نەک ئەوەی خەڵک پێت بڵێ تۆ چی !

## مارک توین دەڵێ:

- جل و بەرگ کەسایەتی مروڤ دەنوێنێ. مرۆڤی رووت، کەم یا زۆر کار لە سەر کۆمەڵگا ناکا !
- بۆچی لە دەوری گۆرستان دیوار بکێشین ؟ ئەوانەی لەوێدان، تازە ناتوانن بێنەوە دەرێ، ئەوەی لە دەرێشن، پێیان خۆشنییە بچنە ژوورێ !

## ماکسیم گورکی دەڵێ:

شاعیر، کاخی خەیاڵی دروست دەکەن، خوێنەران تێدادەژین و چاپخانەکانیش کرێکەی وەردەگرن !

## پیرێس تۆرنە دەڵێ:
ئێمە بەدوای راستەقینە دا نین، بەڵکوو، بەدوای خۆ بواردنداین !

## رۆبرت فرۆست دەڵێ:

- دەستەی بڕیاردەر،12 کەسی هەڵبژێردراون،بۆئەوەی بڕیار بدەن کە کام وەکیل باشترە !
- دیپلۆمات، ئەو پیاوەیە کە ڕۆژی لە دایک بوونی "ژنی" لەبیرە و عومری ژنەکەی لەبیرچۆتەوە!

## جان میلتۆن دەڵێ:

حکومەتکردن لە جەهەنم، باشترە لە نۆکەری بەهەشت !

## گ.ب.کلێمینچیاو دەڵێ:

گۆرەکان پڕن لەو مرۆڤانەی کە پێیان وابوو، گرینگن و پێویستن بۆ جیهان!

## ک. کلاوزەویتس دەڵێ:

شەڕ، بەرهەمی کاری سیاسەتە بە شێوەیەکی تر !

## عەرەب دەڵێن:

هەرکەس نەزانە و ناشزانێ کە هیچ نازانێ، ئەوە کەم عاقڵ(شێت) ە و خۆتی لێ لادە.
هەرکەس نەزانە و دەشزانێ کە هیچ نازانێ، ئەوە منداڵە و پێویستی بە فێربوونە.
هەرکەس زانایە و نازانێ کە دەزانێ، ئەوە خەوتووە، دەبێ لە خەو هەڵسێندرێ.
هەرکەس زانایە و دەشزانێ کە دەزانێ، ئەوە زانایە ، وەدوای کەوە !

## ک. مۆرگنشتێرن دەڵێ:

**وڵاتی مرۆڤ ئەو جێگایە نییە کە ماڵەکەی لەوێیە، بەڵکوو ئەوجێگایەیە کە ئازاد بێ و دڵی لەوێ بێ!**

## ویلیام فاولکنر دەڵێ:

**زۆر شت لە سەر ئەم هەردە سرنجی بۆ رانەدەکێشرا، ئەگەر یاساخ نەبایە !**

## ئابراهام لینکۆلن دەڵێ:

**پێتخۆشە کاراکتەری ڕاستەقینەی مرۆڤ بناسی، بیخە سەر ئیشێک کە دەستەڵات و هێزی بڕیاردانی هەبێ!**

## وینستۆن چرچیل دەڵێ:

**ئەگەر دوو مرۆڤ هەمیشە وەک یەک بیربکەنەوە، یەکێک لەوان زیادیە!**

## ئالیاس کانتی دەڵێ:
**ئەوکەسە بێ غیرەتی ڕاستەقینەیە، کە ترسی لە بیرەوەری و ڕابردووی خۆی هەبێ !**

## ئێنریکۆ فێرمی دەڵێ:

**زانست دەستەڵاتە، بەڵام، ئەوە هیچ کات بەمانای ئەوە نییە کە نەزانی بێ دەستەڵاتیە !**

## ماندیکاکان لە ئەفریقا دەڵێن:

زۆر مرۆڤی چکولە، لە زۆر وڵاتی بچوکی ئەم هەردە،بە زۆر ئیشی گچکەی کە دەیکەن، دەتوانن سیمای ئەو جیهانە بگۆڕن !

## ف.هوندرتواسیر دەڵێ:

ئەگەر مرۆڤێک بە تەنیا خەون ببینێت، ئەوە تەنیا خەونێکە. بەڵام ئەگەر زۆر مرۆڤ پێکەوە خەون ببینن، ئەوە دەبێتە ڕاستەقینە !

## ل.رۆشەفوکولد دەڵێ:

هەر کەس شکایەت لە بیر و هۆشی خۆی دەکا، بەڵام کەس شکایەت لە تێگەیشتوویی خۆی ناکات!

## راهێل دەڵێ:

هیچ مرۆڤێک حەقی نییە، کەسێک مەجبوور بە ئیشێک بکا، کە باوەری پێی نییە !

## شوانە دەڵێ:

- لاوانی ئەورۆ دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوان بەڕێوەبەرانی سبەینێی وڵاتەکەمانن !

## گرۆتێۆس دەڵێ:

ئازادی،کۆنترۆڵی ئەو هێز و توانایەیە کە هەر مرۆڤێک بەسەر خۆیدا هەیەتی !

## هاینریش بۆل دەڵێ:

**ئازادی نابەخشرێ، دەستێندرێ !**

## ئارنۆلد گلاسۆ دەڵێ:

**ئەوەی دوێنێ فۆرمۆل بوو بۆ سەرکەوتن، سبەینێ دەبێتە نوسخەیەک بۆ دۆراندن و تێکشکان !**

## جێن مۆلیرە دەڵێ:

**زۆربەی مرۆڤەکان بەهۆی دەرمانەکانەوە دەمرن، نەک بە هۆی نەخۆشی !**

## شۆپنهاور دەڵێ:

- **خوێندنەوە، بەو مانایەیە ،کە مرۆڤ بە مێشکی کەسانی تر بیردەکاتەوە!**
- **پوڵ و پارە، وەک ئاوی سوێری دەریاچە وایە. هەرچەند زیاتر بیخۆیەوە، توونی تر دەبێ!**

## م. برێدلی دەڵێ:

**هیچ کەس ئەوەندە لاو نییە کە توانایی فێرکردنی نەبێ، هیچ کەسیش ئەوەندە پیر نییە کە توانایی فێربوونی نەبێ !**

## جێن پاول زارترە دەڵێ:

**تەنانەت خواکانیش دەمرن، ئەگەر  ئیتر کەس بڕوا و ئیمانیان پێ نەمێنێ!**

### ئاندره ماورۆڤیس دەڵێ:

بڕیاری بەپەلە لەسەر کەس مەدە، کێ دەزانێ، ڕەنگە ئەوکەسەی کە دوشمنی ئێمەیە، دۆستی زۆرباشی یەکێکی تر بێ !

### ئادۆلف شپێ مەن دەڵێ:

هەرکەس بەزەیی بە گورگ دابێ، درەنگ یا زوو لە لایەن ئەوەوە هەڵدەدڕدرێ !

### ناشناسێک دەڵێ:

بیرکردنەوەکان و ڕێگاکان، مرۆڤەکان لێک دووردەکەنەوە !

### شوانە دەڵێ:

مێژووناسین، زۆر گرینگە، بۆ ئەوەی هەڵەکان دووپاتە نەبنەوە !

### کێسترفیلد دەڵێ:

مرۆڤێک کە هێزی تێگەیشتنی کزە، وەک میکرۆسکۆپ وایە، شتی چکوولە، گەورەدەکاتەوە و شتی گەورەش، هەر نابینێ !

### گووتە دەڵێ:

هەرکەس لەشت نەکۆڵێتەوە، بە هیچ ناگا !

### شتانیسلاو جێرسی دەڵێ:

ئەگەر ئینسانخۆر لە کەوچک و چنگاڵ کەڵک وەرگرێ، ئەوە خۆی پێشکەوتووییە !

## شوانە دەڵێ:

رخنەگرتن لە خۆ و رخنە قەبووڵکردن، هیمەت و ئازاییەکی مەزنی گەرەکە !

## سیمپسۆن دەڵێ:

هەر درۆیەک، پێویستی بە دوو کەسە، کەسێ، کە درووکە دەکا و ئەو کەسەی کە بڕوای پێ دەکا !

## ئەدنان چەلکانۆڤیک دەڵێ:

مرۆڤ چاوی هەیە، بەڵام هەموو شتێک نابێنێ. مرۆڤ گوێی هەیە، بەڵام هەموو شتێک نابیستێ.
ئەدی بۆ مرۆڤێک، کە مێشکی هەیە، دەبێ هەموو شتێک حاڵی بێ؟

## هێلمووت والتێرس دەڵێ:

هەموو شتێک دوو لایەنی هەیە، بەڵام مرۆڤی فەناتیک تەنیا یەک لایەن دەبینێ !

## چینی دەڵێن:

دوو جور مرۆڤی باش هەن: ئەوانەی وا مردوون و ئەوانەی وا لە دایک نەبوون !

## ماکسیم گورکی دەڵێ:

ئەگەر مرۆڤێک پێویستی بە یارمەتییە،تەنیا بەزەیی پێیداهاتن بەس نییە، باشتر ئەوەیە یارمەتی بدەی!

## پ.گریش دەڵێ:

زۆر بە ئازارە ئەو کاتەی مرۆڤ پێویستی بە یارمەتی هەڤاڵە و، هیچ هاڤاڵێک نییە !

## شوانە دەڵێ:

خۆشەویستی نیشاندان، زۆر چەتوونترە لە رق لێ بوون. مرۆڤ دەتوانێ ئاسایی رقی لە هەمووشتێک و هەر کەسێک بێ. بەڵام بۆ خۆشەویستی، پێویستی بە هەستێکی دەروونی هەیە، کە کەم کەس هەیەتی!

## وینستۆن چرچیل دەڵێ:

بریا مرۆڤ، هەڵەکانی کە دەرسیان لێ وەردەگرێ، زۆر زووتر بیکردبایەن !

## ب. برێشت دەڵێ:

مرۆڤ ئەوکاتە بەراستی مردووە، کە کەس ئیدی سەبارەت بەو بیر نەکاتەوە !

## ئۆتۆ بیسمارک دەڵێ:

هیچ کاتێک ئەوەندە درۆ ناگوترێ: بەقەد،"پێش هەڵبژاردن"،"کاتی شەڕ" و دوای "ڕاو"،!

## هێنری فۆرد دەڵێ:

ئەگەر تۆ دۆلارێکت داوە بۆ دەستپێکردنی کارخانەکەت، دەبێ یەکی دیشت بەدەستەوە بێ بۆ ناساندنی !

## کۆنفۆسیوس دەڵێ:

ئێمە هیچ شتێک سەبارەت بە ژیان نازانین، جا ئیتر چلۆن سەبارەت بە مەرگ شت بزانین!!

## گ. بێرنارد شاو دەڵێ:

**بۆ سیاسەتمەدار ئەوە جێی مەترسییە، گەر سەبارەت بە ڕاستەقینە بدوێ. رەنگە ئەوە لای خەڵک ببێتە عادەت  کە بیانەوەی گوێ لە شتی راست بگرن !**

## شوانە دەڵێ:

**من ئەوکاتە خۆم تەنیا دەبینم،  لەدەستێکی کراوە بگەرێم و تووشی مستێکی قووچاو بم !**

## ج. هانس کاسپەر دەڵێ:

**بڵندگۆ، دەنگی مرۆڤ بە هێز و بڵێند دەکا نەک مەنتقی ئەو !**

## ساڵوادۆر مادارياگا دەڵێ:

**ویژدان دەکرێ سڕ بکرێ، بەڵام ناکوژرێ !**

## ج. گێنێیت دەڵێ:

**تامی شتی بڤە هەر ئەوڕۆ بچێژە، نەکا سۆزی، ئازاد بکرێ !**

## مۆنتاند دەڵێ:

**ئاشتیخوازی سست ئاکار وەک "مەڕ" وان، ئەوان پێیان وایە، گورگ، گیاخوارە !**

## دورنێر دەڵێ:

هەمووومان دەزانین، هەموو مرۆڤێک دەمرێ، ئەدی بۆ وا لەگەڵ یەک ڕەفتار دەکەین، دەڵێی تا ئەبەد دەژیین !

## پارکینسۆن دەڵێ:

وەدواخستن، شێوەیەکی زۆر ناحەزی ڕەدکردنەوەیە !

## حسین بەخشی دەڵێ:

کورد، ئەو کاتە هەست بە کوردستانی بوونی خۆی دەکا، کە کاریگەری سیاسەتی فارس و تورک و عەرەبی لەسەر لاچووبێ !

## فرانکلین دەڵێ:

من بڕوام بە ئامار نییە، چونکە بە پێی ئامار، مرۆڤێکی میلیۆنێر و مرۆڤێکە هەژار، هەریەکە نیو میلیۆنیان هەیە !

## کارل مارکس دەڵێ:

هەموو شۆڕشگێڕەکان تا ئەوڕۆ بەوە گەیشتوون، کە زۆر شت گۆرانکاری بەسەر دا دێ، تەنیا ئەوە مرۆڤە کە خۆی بۆ ناگۆردرێ !

## جۆزێپ پولیتسە دەڵێ:

هەر شتێک کە دەنووسی: کورتی بنووسە، بۆ ئەوەی دەیخوێننەوە. ڕوونی بنووسە، بۆ ئەوەی لێی حاڵی دەبن. وەک وێنەیەکی بنووسە، بۆ ئەوەی لە ناو مێشکدا رایدەگرن !

کۆنفۆسیۆس دەڵێ:

پێش ئەوەی لەگەڵ یەک بە شەڕ بێن، وتەکانتان بپاڵێون !

ت.ئاکوین دەڵێ:

هەموو شتێک دەبێتە کانگای خۆشی، بە شەرتێ، خۆشەویستی لەگەڵ بێ !

ف. پیکابیا دەڵێ:

سەری ئێمە خڕە، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکانمان،بتوانن بە هەر لایەکدا خۆیان بگۆڕن !

شوانە دەڵێ:

کە ئیشێک "چەتونە"، ئەوە خۆی دەلیلێکی باشە بۆ دەستپێکردنی !